

# لێبوردەیی ئاینی وەک هۆکارێک بۆ پەرەپێدان

عەلی کەریم دەینوسێت ★

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتیی راستیەك هەیە كە لە ژیانی مرۆڤدا وەك هاوكێشەیەكی ماتماتیكی لێهاتووە كە بە سادەیی دەكرێ بەم شێوەیە گوزارشتی لێبكرێت (( رێزگرتن لە ماف و ئازادیەكانی مرۆڤ = پەرەپێدان )) و پێچەوانەكەشی یەكسانە بە دواكەوتن و داخراوی و رۆچۆن لە قەیرانە جۆراوجۆرە لە چارە نەهاتووەكان. كە دەشڵێم (( پەرەپێدان )) ئەگەرچی چەمكێكی نوێیە بەڵام زۆر فراوانترە لە چەمكی (( پێشكەوتن )) .

لە ئێستاشدا كۆمەڵگا جیاجیاكان بەم لۆژیكە ناسنامە دروستدەكەن، كۆمەڵگا گەشەسەندوو و پێشكەوتووەكان لەسەر ئاستێكی فرە رەهەند كۆمەڵگا ئازاد و مرۆڤسالارەكانن... بەتەنیسشت ئەمانیشەوە ئەو كۆمەڵگایانەی بێقیمەتی بەرامبەر ماف و ئازادیی تاكەكان دەكەن كۆمەڵگای لەرزۆك، دواكەوتوو و گەنیوون.

ئەم رێزگرتنەش (( واتە رێزدانان بۆ ماف و ئازادییەكانی مرۆڤ )) پەیوەندییەكی ئۆرگانی بە لێبوردەیی ئاینییەوە هەیە.

ئەم پەیوەندیە ئۆرگانیە (( لێبوردەیی ئاینی و مرۆڤسالاری )) تا ئاستێكە ئەگەرچی تەنها بە بوونی لێبوردەیی هەموو ماف و ئازادییەكان دەستەبەرنابن بەڵام بە نەبوونی هەموویان دەكەونە ژێر پرسیارێكی گەورەوە. لێبوردەیی ئاینی واتە لێكجیانەكردنەوەی (( ئاین )) و (( تێگەیشتن لە ئاین )) یاخود (( ئاین ))و (( ئایینداری )). لێبوردەیی ئاینی واتە دارنینی پیرۆزی لە دینداری و لە تێگەیشتن و تەفسیرەكان بۆ ئاین . هەروەها رێژەییكردنەوەی فۆرمەكانی دینداری و روانین بۆ دین... لێبوردەیی ئاینی مانای ئازادی ئاینی ، ئازادی لە هەڵبژاردنی ئاین و مومارەسەكردنی... ئازادی لە هەڵگەڕانەوە لە ئاین و راگەیاندنی و مومارەسەكردنی...هەتا لێبوردەیی ئاینی واتە فرەیی بڕوابوون بە جیاوازی و سەندنەوەی پیرۆزی ئاینی لە ململانێ مرۆیی و سیاسییەكان، واتە هاوڵاتی بوونی تاكەكان، بە هاودەمی هەموو ئەمانە واتە نەهێشتنی رەهاگەری و لە هەمووشیان گرنگتر نەهێشتنی (( دەمارگیری ئاینی ))یە . كە دواجار راستەوخۆ هەموو جوانییەكان لە بەرامبەر زەوتدەكات و هەموو ماف و ئازادیەكان سفردەكاتەوە. لێرەش ئەوەندەی دەسەڵاتە رەشەكانی مێژوو ماف و ئازادیەكانی مرۆڤیان زەوت كردووە دەمارگیری ئاینیش ئەوەندە و زیاتریشی بە هەمان ئاراستە كردووە . كە دەكرێ جەنگی ئاینی ئەوروپای نێوان كاسۆلیك پرۆتستانتەكان و جەنگەكانی شیعە و سوننە و جەنگەكانی بۆسنەی نێوان موسڵمان و مەسیحیەكان و جەنگی فەلەستینی - ئیسرائیلی ئێستا.... هتد نموونەیەكی دیاربن.

من پێموایە چەند ئایینەكان ئامادەییان بۆ دەمارگیری و رەتكردنەوەی بەرامبەر بەڵكو سڕینەوەی بەرامبەر تێدایە چەند قاتی ئەوەش زەمینەی لێبوردەیی و قبوڵی بەرامبەر و جیاوازی بەیەكەوە ژیانیان تێدایە. بەڵام پیوستی بە دۆزینەوە و دەرخستن و بەكارهێنان هەیە. پێوستی بەوەیە كە ئاینەكان لە خوێندنەوەی تاكڕەهەند و ئایدۆلۆژیانە رزگار بكرێ. بە گوزارشتێكی تر قەیرانی هەرە گەورەی گوتاری ئاینی لە مرۆڤدا خۆیندنەوەیەكی سیاسیانە و راڤەیەكی ئایدیۆلۆژیانەی ووشكهەڵاتووە! كەزۆرجار ماناجوانەكانی ئاین باجەكەی دەدەن ! بەڵكو وەك دەرەنجامیێكی راستەوخۆ دەمارگیری ئاینی بەرهەمدێنی .بەمەش ئەوەندەی ئامادەیی چوونەوەیەك و بە سەرخۆدا داخران و دواجار پێكدادانی هەیە ئەوەندە ئامادەیی كرانەوە و دایەلۆگ و هاوژیانی نییە. كە دەكرێ عیراق نمونەیەكی زەق بێت لەم حاڵەتە. كەواتە لە دەرەوەی لێبوردەییدا مانایەك بۆ پەرەپێدانی راستەقینە نامێنێتەوە. بەڵكو هەرگیز ناتوانین خەو بە ئایندەیەكی جیاوازەوە ببینین!

بەكورتی و كۆبەندی لێبوردەیی ئاینی وەك چەمكێكی بێئەلتەرناتیف زەمینەیەكە دەكرێ تیایدا جیاوازییەكان بوونیان هەبێت بەمەش دایەلۆگ لە گەڵ یەك و لەسەر یەك بكەن، بەڵكو بەڕووی یەكتردا بكرێنەوە و شكڵێك لە ئیسفنجی بوون لەگەڵ یەكتردا وەربگرن ... لەبری داخران بەسەرخۆدا و كوێرانە بەیەكدا هەڵشاخان. كە هەرلێرەشەوە پەرەپێدان بەئاراستەیەك دەستپێدەكات كە مرۆڤ ببێتە چەقی گۆڕان و نوێبوونەوە و داهێنانەكان و رێزگرتن لە ماف و ئازادییەكانیش ببێتە پیرۆزییەكی سازش هەڵنەگر .

★ چالاكوانێكی مافی مرۆڤە لە كوردستان

هزر
ڤین 17
LVEEN ,No (38) .... March .... 2006